www.kurdistannet.org
27-6-2006 21:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چەمکی پرسیار لەقەسیدەی (تۆ دواین وێستگەی عەشقمی ماڵی دڵم بۆتۆ) ی شاخەوان سدیق دا. ... هەستیار غەمگین

**جگە لەخۆشەویستی و عەشق، سروشتی مرۆڤ یارمەتی دەرێکی باشتری نیە!**
**(سوكرات)**



هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ خۆی ناسیوە کەمرۆڤە و لەگیاندارەکانی تر جیاوازە، ئەو پرسیارەشی لەخۆی کردوە:کەبونی من لەم کەونەدا ماناى چی یە؟! ڕەنگە ئەمە قورس بێت کەتۆ ماناى چی لەم کەونەدا بونت هەیە! بەڵام ئەتوانی بەبەر دەوامی لەگوماندا ژیان بگوزەرێنیت و هەمیشە بەشوێن شتە نادیارە کاندا پرسیار بکەیت و بگەڕێی، وەکو گەریدەیەکی وێڵ.
جا شتەکە مەتریال بێ یان ئایدیاڵ ئەمەیان کێشە نیە، بەڵکو گرینگ ئەوەیە بەشوێن شتێکەوە بیت و لەهەوڵی دۆزینەوەی سەرەداوی پرسیارەکاندا بیت.
گەڕان لەنێو تێکستە ئەدەبیە کاندا ڕەنگە کەمێک قورس بێت و مرۆڤی لێهاتو و خۆئامادە کراوی بوێت، کە بەتەواوی ئیدارک بەلایەنە شاراوەکانی بکات، لەنێو تێکستە کاندا شیعر پڕ سیاقترین و قورسترین و سەر سوڕێنەر ترین ژانرە. لەووەتەی مرۆڤایەتی ئیسپاتی وجودی کردوە شیعر هەبوە، یان بڵێم مرۆڤ گەڕانە بێپچڕانەکانی خۆی کانی دەست پێکردوە.
بەهەر حاڵ من نامەوێ مێژویەکی سەقەتی مرۆڤایەتی و شیعرو ئەدەبیاتی گەلانی دنیاتان بۆ بکەم، بەڵکو من ئەمەوێ کەمێ قسە لەسەر ئیشێکی بچوکی بەڵام پڕمانای شاعیری لاو (شاخەوان یدیق) دا بکەم ئەویش ئەگەر غەدری لێنەکەم و مافی دەقەکەی وەکو خۆی بدەم. ئەگینا ئەو کات ئەبێ بمبورێ. دیارە لەدوای ڕاپەرینەوە ڕێژەیەکی زۆری گەنجان خویان داوەتە شیعر نوسین و لەو نێوەندەشدا کۆمەڵێک دەنگی ڕاستە قینە دەرکەوتوون کە دەکرێ لە تەواوی ئەو بەناو شاعیرانەیان جیا بکەیتەوە کە خۆشیان نازانن چی دەنووسن و ناوی دەنێن شیعر. بەڵام سەبارەت بەو دەنگە نوێ و ڕاستە قینانە حەقوایە شتێک بڵێین و هەروا بێدەنگ نەبین. یەکێ لەو شاعیرانەش کەمن پێم وایە خەریکە دەبێتە خاوەنی ستایل و نەمەتی خۆی، شاخەوان یدیقە. شاخەوان قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەشی شێوە کاری و هەروەها تاکو ئێستاش خاوەنی سێ ناملکە شیعری جوانە کەبەناوەکانی: خەمە تەماوییەکانی دواى مەست بوون/2002/ئێوارەیەک بەر لەوەی بمرم /2004/
ناملکەی سێیەمی/ لەوێم لەماڵی دڵێکی تەنیا/2006. زۆرێکیش لەم تێکست و دەقانەی لەنێو ڕۆژنامەو گۆڤارو کۆڕو بۆنەکاندا بڵاو کردۆتەوە. شاخەوان کوڕێکە هەمیشە عیشق لە سیمای دەبارێت و بەرائەت سەراپای گیانی داگرتووە. بۆیە زۆر جار ئەو شتەی ناتوانێت بە شیعر گوزاشتی لێبکات، ئەوا بەتابلۆیەک جوانیەکانی تێدا بەجەستە دەکات.
بۆیە حەزناکەم چیتر درێژەی پێبدەم ئەمەوێ بێمە سەر دەقی شیعرەکە. ئەم قەسیدەیە لە سێیەم ناملکە شیعری لەوێم لەماڵی دڵێکی تەنیادایە، کەلەڕۆژنامەکاندا پێشتر بڵاو کراوەتەوە.
**تۆدواین وێستگەی عەشقمی ماڵی دڵم بۆتۆ!!**
تۆ ئەی مەعشووق چلۆن لەماڵ و دڵو عەشق ئەگەیت؟ چ وانەیەکت هەیە بۆ تەنیایی؟ لەکام دەروازەوە دەڕوانیتە ژیان؟
هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی دەقەکەوە شاعیر کۆمەڵێک پرسیار ئاڕاستەی مەعشووقەکەی ئەکات، وەکو ئەوەی سەر زەنشتی بکات و پێی ڕابگەیەنێت کە ئەو جۆرەی ئەو دیگوزەرێنێت و ناوی ناوە ژیان لەڕاستیدا ژیان نیە، بەڵکو ئەو ئەیەوێت ژیانێک پێشکەش بەهاو ژیانەکەی بکات کە زۆر دەگمەنە خەڵکی بەو سیاقەدا بڕوات.
واتای تۆ چ جۆرە ماڵێکت ئەوێت؟ ماڵێکی مەتریالی کە لەخانویەکی گەورەو ژیانێکی پڕلەتەرفیهیە تدا خۆی دەبینێتەوە، یان ماڵێکی شاعیرانەو عاشقانە کە لەوشە ڕۆمانسیەکان و پەیڤە ئاڵتونیەکان دروست کراوە، دڵ لای تۆ چ مانایەکی هەیە؟ هەر بۆئەوەیە کە چرکەکانی ژیان بژمێری، یان جێگای سۆزو وێژدان موحیبەت بێت.
پاشان سەبارەت بەتەنیایی پرسیاری لێدەکات و پێی وایە کەئەو هێشتا تامی تەنیایی نەچەشتووە تێناگات چ حیکمەتێک لەوەدایە مرۆڤ ساتێک تەنیابێت و بیر لەژیان بکاتەوە. لەبارەی تەنیاییەوە زۆر وتراوە کەچەندە سود بەمۆرڤەکان دەبەخشێت. بەختیار عەلی لەسەرەتای

ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپەیکانداده‌ڵێت: (من قەت کەیفم بەوەنەدەهات لەسەفەرە کاندا کەسێکم لەگەڵدا بێت لەمنداڵیەوە حەزم لەسەفەرە بەتەنیا) . ل 7. دیارە نوسەرێکی گەورەی وەکو بەختیارعەلی ئەوە تێڕوانینیی بێت لەهەمبەر تەنیایدا، کەواتای ئێمە بۆ چێژ لەساتە تەنیاییەکان وەر نەگرین، تۆ سەیریش کە، چەندە ناخۆشە تۆ لەتەنیایی خۆتدا ئەچیتە جێگایەک و پەرتوکێکت بەدەستەوەیە بەنیازی متالا کردنی، لەو کاتەدا کەسێک دێتە لات ئەو ساتەت لێتێک ئەدات. دەبێ چی لەوە ناخۆشتر بێت، ڕەنگە لەو ساتەدا پێت نەنگی نەبێت پێیی بڵێی تکا ئەکەم کاتەکەم لێبەفیڕۆ مەدە!. پاشان شاخەوان لێی دەپرسێت: چۆن دەڕوانیتە ژیان؟ کاری تۆ چیە لەم گەردونەدا؟ ئێمە هەر بۆ ئەوە درووست کراوین بۆمردن بژین؟ وەکو چۆن پێش خۆمان وەهایان کردوە، یان ئەوەی بەر لەوەی بمرین بەجۆرێکی تر گوێ لەدەنگی پاساری بگرین و بەتاسەوە لەدیمەنێکی خۆر ئاوابون بڕوانین و بەعیشقەوە گوێ لەمۆسیقا بگرین و ئازارەکانی کەمانجە یەک ببیستین و

خۆمان بۆ باران ڕووت کەینەوە کە دەنگی باران هەر دەڵێی دەنگی پیانۆیە. سوهراب دەڵێت (چاوت بشۆو بەجۆرێکی تر لەژیان بڕوانە) واتا با ڕۆژەکانت کۆپی ڕۆژەکانی ترت نەبێت و هەمیشە واژیان ببینە کەدەڵێی تازە بینیوتە.. تی. سی. ئەلیەتی شاعیر دەڵێت: بەڕێگاو بانی هەمە چەشندا بڕۆو بۆ ماڵەکەت بگەڕێوە، واتەماشای هەموو شتێک بکە وەکو بڵێی یەکەم جارە ئەیبینیت..

کەواتای تێڕوانین لەژیان و ڕامان لە هەموو شتە ئافەریدەکراوە کانی زیاتر چێژی ژیان بینیمان زیاد دەکات. لەجێگایەکی تردا دەڵێت: هابچپێنە بەگوێچکەمدا/ من تەنها لەتە سێوێکم و تۆش لەتە کەی تری نمی. لێرەدا شاعیر ئەیەوێت بڵێت سەرە ڕای ئەو هەموو جیاوازییەی نێوانمان و ئەو فەڕاغە، بەڵام تۆ وەرە بچپێنە بەگوێچکەمدا من و تۆ لەئەزەلەوە بۆیەکتری خولقاوین و بۆیەکتر ئەژین و عەشق لەنێوانماندایە، بۆیە داوای لێئەکات کە جێی نەهێڵێت چونکە بوونیان پەیوەستە بەیەکترەوە. هەندێک قسە هەیە دەڵێت ئەو کەسەی کەتۆ دەیکەیتە هاو ژیانی خۆت دەبێت هەمان تەبعی خۆتی هەبێت و لەخۆت بچێت. بەڵام من بەتوندی پێچەوانەی ئەو قسەیەم، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان بەجیاوازی بیرو ڕاوە جوانن. کاتێک تۆ یان ئەو شتێکی پێتەرک کردی و لەناخەوە پێی شکایت و هەستت بەکێماسی کرد، بزانە لایەنی مرۆڤایەتیت دۆڕاندوە.

لەجێگایەکی تردا شاخەوان دەڵێت/هاوژینەکەم گەرناتوانی هەناسە خنکاوەکانم بەفرمێسکی چاوەکانت لەمردن ڕزگار بکەی/پێت ناکرێ ڕووحی هەلا هەلا بووم لەشیعرێکدا بلاوێنی/لێناگەڕێی جەستەی ماندووم لەناو دارستانی پرچەکانتا خەوێک بۆ پشودان ببینی/ گەر ناتوانی خۆزگە وردو خاشە کانم لەناو ڕۆمانێکدا کۆ کەیتەوە /

لێمگەڕێ بائەو دڵەی داومە بەتۆ لەگەر مای بیا بانێکدا برسێتی سەگە ڕشێکی لێتێر

بێت. دیسانەوە شاعیر لێردا ئەیەوێت کەم تەر خەمی مەعشووقەی دەرخات و پێی دەڵی گەر هیچ کام لەم کارە مرۆییانەت لەدەست نایەت و ناتوانی کەمترین خواستە کانی من بهێنیتە دی،

لێم گەڕێ ئەو دڵەی کەداومە بەتۆ با لە گەرمە سێری بیابانێکدا برسێتی دڕندەیەک تێر کات. باشترە لەوەی جارێکی تر بەشوێن لانەیەکدا بگەڕێ بۆ ئەوەی ئۆ قرەی تیابگرێ. من تازە دڵم داوە بەتۆ تۆش کەیفی خۆتە.

شاخەوان پێی وایە ئەوانەی کەسێکیان خۆش ویست و ئاشقێکی ڕەهایان بۆی هەبوو ئیتر مەحاڵە بتوانیت جارێکی تر عاشق بیتەوە. بۆیە جارێکی تر ڕۆمانسو نوسەری گەورەی کورد بەختیارعەلی لەهەمان ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکاندا دەڵێت:ئێستاش دەڵێم گەر مرۆڤ یەکەمین خۆشەویستی گەورەی خۆی دۆڕاند، ئیدی تامردن بونەوەرێکی دۆڕاوە. ل. (156-157)

دیارە شاخەوانیش نایەوێت تاکو مردن بە دۆڕاوی بژیات بۆیە مردنی ئەو دڵەی پێباشترە لەژیانێکی سەراپا دۆڕاوی. دواتر سەرە ڕای ئەو هەموو گلەیانەی ئاڕاستەی خۆشەویستەکەی ئەکات و لەهەمانکاتیشدا ناتوانێ دەست بەر داری بێت، پێی شاد ئەبێتەوەو لەو هەموو نائومێدی و ڕەژبینیەی ڕزگاری دەکات. لێرەدا ئەوەی من لەسەر ئەم شیعرەی شاخەوانم نوسیوە هیچ نیە جگە لەو سەرنج و تێبینیانەی کەلەلام گەڵاڵە بوبون. وەگەرنا ڕەنگە ئەم دەقەی شاخەوان زۆر لەوە زیاتر هەبگرێت کەمن نوسیومە. بەڵام تاوانی من چیە کە نوکی پێنوسەکەم هەر ئەوەندە ئەتوانێت بەر دەم خۆی ڕۆشن بکاتەوە؟؟!!

Hastiar2006@yahoo. com